**بانۆ کامیل یاریزانی تێنسی سەرزەوی یانەی ئافرۆدێتی سلێمانی**

# هیوادارم کەس نەبێتە بەربەست بۆ وەرزشکردنی ئافرەت

دیمانە:گارزان کانەبی

بانۆ کامیل یەکێك لەیاریزانە بەتواناکانی شاری سلێمانی لە یاری تێنسی سەرزەوی،ناوبراو لە دایك بووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری سلێمانیە و قوتابی کۆلێژی ئادابە بەشی ئینگلیزی،چەندین ئەنجامی بەرچاوی لەسەر ئاستی کوردستان وعێراق بەدەستهێناوە،ئێستاش لە یانەی ئافرۆدێتی تایبەت بە یارییەکانی کچان یاریزانە ئێمەش لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ئەنجامدا.



***ئاستی یاریی تێنسی سەرزەوی لەکوردستان بە شێوەیەکی گشتی چۆن دەبینی؟**

- ئەم یارییە لەکوردستان ئاستێکی زۆر بەرزی نییە،بەحکومی ئەوەی ئەم یارییە لە ئێستادا لە کوردستان زۆر زیندوو نیە،بەڵام بەهیوای ئەوەشم ئاستی بگاتە لوتکەی یارییەکانی تر.

***ئێوە تاکە یانەی ئافرەتانی شاری سلێمانین لەم یارییە، لە سلێمانی ئەم یارییە لەچ ئاستێکە ؟**

-ئەم یارییە بە نسبەت شارەکەی ئێمە تازەیە،ئێمەش لە ئێستا هەوڵی زیندووکردنەوەی دەدەین.بەتایبەتی یانەی ئافرۆدێت کە کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانای لە دەوری خۆی کۆکردتەوەوئەنجامیشمان هەیە.

***بە بۆچوونی تۆ چی بکرێت،باشە بۆئەوەی ئەم یارییە بەرەو پێشچوونی باش بەخۆیەوە ببینێ؟**

-پێویستە لەسەر لایەنی بەرپرس چەندین یاریگای تایبەت بەم یارییە بکەنەوە لە شارەکانی کوردستان،گرنگی بە کردنەوەی قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بدەن.

*** بۆ ئاستەکانی تەمەن گرفتەکانی ئەم یارییە لە ئێستا چین؟**

-کەمی بودجە بۆیانەکەم،نەبوونی پاسێکی تایبەت بۆگواستنەوەی یاریزانانی یانەکەمان کە ئەوەش گرفتێکی گەورەیە بۆچوونمان بۆیاریگاکان،نەبوونی یاریگایەکی تایبەت بە یانەکەمان بۆئەوەی پەرە بەتواناکانمان بدەین.

***کێ هاوکاری یانەی ئافرۆدێت دەکات؟**

-بودجەیەکمان هەیە لە وەزارەت،لیژنەی ئۆلۆمپیش هاوکارمانن.

***بۆچی ئافرەت لە یاری تێنسی سەرزەوی کەم بەشداردەبێت؟**

-،گرنگی نادرێت بە تێنس بۆیە کچانیش بەشداری کردنیان بە شێوەیەکی بەرچاونییە لە یارییەکانی تر.یارییەکەش مردوە.

***جگە لە یاری تێنس چ یارییەکی تر ئەنجام دەدەی؟**

-یاریزانی تۆپی دەستیشم،بەپێی پێویست وەرزشەکانی تر ئەنجام دەدەم.

***چی بەو ئافرەتانە دەڵێی کە ڕێگرییان لێ دەکرێت لە وەرزش کردنیان؟**

- ئەوە کارێکی باش نیە،بەهیوای ئەوەم کچان لەم دۆخە بێنە دەرەوە چیتر بەم شێوەیە ڕێگریان لێ نەکرێت.بۆئەوەی ئارەزووەکانیان بهێنە دی.

***هیوا وئاواتت وەکو کچە یاریزانێك چییە لە وەرزشدا؟**

-بتوانم ببمە کچە یاریزانێکی نموونەیی لە یارییەکەی خۆم،ئەنجامێکی شایستە بۆ کوردستان بەدەستبهێنم،لە پاڵەوانێتییەکی نێودەوڵەتی بەشداری بکەم .ناوی کوردستان بەرزبکەمەوە.

***یانەی ئافرۆدێت چۆن دەبینی لە شاری سلێمانی؟**

-تاکە یانەیە کە خزمەت بە بواری ئافرەتان وکچان بکات،هەموو هەوڵێکیان بۆپێشخستنی ئافرەتی وەرزشکارە لە شارەکە،خەمخۆری وەرزشوانە ئافرەتەکانن لە شارەکە بۆیە بڕوام وایە لەداهاتوو دەبنە نمونەی یانەکانی کوردستان.

***گەر لەکۆتایی شتێکت ماوە؟**

-بەهیوای ئەوەم گرنگی زیاتر بە ئافرەتی وەرزشکاربدرێت،ڕێز لەتواناکانیان بگیرێ،یارییەکی تێنس یاریی تاکی زۆر خۆشە وئەنجامی بەرچاوی لێ بەدەست دێت،لایەنەکانیش گرنگی بەم یارییە بدەن لەکوردستانی خۆمان .زۆر سوپاس بۆگۆڤاری گوڵان.

### لانە یاسین یاریزانی یانەی برایەتی لە تۆپی باڵە

# دەبێت هانی کچان بدرێت بۆ ئەوەی روو لە وەرزش بکەن

**لانە یاسین یاریزانی لاوی یانەی برایەتی بۆ تۆپی باڵە لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری کۆیەیە و قوتابی قۆناغی یەکەمی پەیمانگای وەرزشییە لە شاری کۆیە، لە هیچ یانەیەکی تری کوردستان یاری نەکردووە، سەرەتای وەرزشی هەر لە یانەی برایەتی بووە، توانیویەتی لەگەڵ ئەم یانەیە بگاتە یاری کۆتایی خولی عێراق بۆ تۆپی باڵە لەسەر ئاستی کچان بە پێویستمان زانی لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ئەنجام بدەین.**

*** بۆچی یاری تۆپی باڵەت هەڵبژارد؟**

- پێش رووکردنم بۆ تۆپی باڵە یاریم لە یارییەکانی تۆپی باسکە و گۆرەپان و مەیدان و پایسکلسواری کرد، بەڵام دواتر رووم لە یاری تۆپی باڵە کرد، چونکە بۆ ئەم یارییە گونجاو بووم و حەزم لەم یارییە بوو.

*** تا چەند لە ئاستی یانەکەت لە خولی عێراق رازی بوویت؟**

- تا رادەیەك زۆر لە ئاستی یانەکەم رازی بووم، لە پاڵەوانێتی عێراق بۆ تۆپی باڵەی کچان و ئەوەی لە توانامان دابوو پێشکەشمان کرد.

*** ئاستی تۆپی باڵەی کچان لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- بە گشتی ئاستی تۆپی باڵەی کچان لە کوردستان پێشکەوتوو نییە، بەڵام لە چاو ساڵانی رابردوو ئاستی ئەم یارییە پێشکەوتووە.

*** یانەی برایەتی هاوکاریتان دەکات؟**

- یانەکەمان هاوکارییەکی باشمان دەکات بۆ ئەوەی بتوانین لە پاڵەوانێتییەکان ئەنجامی باش بە دەستبهێنین و تا ئێستا هیچ درێغی لەگەڵمان نەکردووە.

*** گیروگرفتتان چییە؟**

- گرفتی سەرەکی ئێمە نەبوونی هۆڵە، بەڵام بە پێویستی دەزانم سوپاسی یانەی وەرزشی کۆیە بکەم، کە ئەم گرفتییە بۆ ئێمە چارەسەر کرد و هۆڵی یانەکەیان بۆ ئێمە کراوە کردووە.

*** چۆن ئاستی تۆپی باڵەی کچان لە کوردستان پێش دەکەوێت؟**

- دەبێت هانی کچان بدرێت بۆ ئەوەی روو لە وەرزش بکەن و شکاندنی باوك سالاریی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی، ئەگەر ئەم کارانە ئەنجام بدرێت ئەوە وەرزش بە گشتی پێش دەکەوێت.

*** وەکو کچە قوتابییەك چۆن دەتوانی کاتەکانت لە نێوان خوێندن و وەرزش دابەش بکەیت؟**

- زۆر زەحمەتە قوتابی بی و لە هەمان کاتدا یاریزان بێت لە یانەکان،بۆیە دەبێت قوتابی بزانێت چۆن کاتەکانی لە نێوان خوێندن و وەرزشکردن دابەش بکات تاکو بتوانێت لە هەردوو لایەن سەرکەوتوو بێت هەرچەندە ئەمە کارێکی قورسە، بەڵام زۆر سوپاسی پەیمانگای وەرزشی کۆیە دەکەم، کە هاوکارییەکی تەواوم دەکەن لە هەموو روویەکەوە.

*** بۆچی کچە یاریزانەکان لە یەك کاتدا چەند یارییەك ئەنجام دەدەن؟**

- ئەوەی راستی بێت لە کوردستان کچ بە کەمی روو لە وەرزش دەکەن ئەمە هۆکارێکی سەرەکییە، کە کچە یاریزانان لە یەك کاتدا چەند یارییەك ئەنجام بدەن خۆم لە یەك کاتدا چەندین یاریم ئەنجامداوە و شانازی بەمە دەکەم.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی وەرزش کچان لە کوردستان پێشبکەوێت؟**

- دەبێت لایەنە پەیوەندارەکان زیاتر کار بۆ پێشخستنی وەرزشی کچان بکەن، بۆ ئەوەی ئاستی وەرزش بە گشتی لە کوردستان پێشبکەوێت و هانی دایك و باوکی کچەکان بدەن بۆ ئەوەی رێگە بە کچەکانیان بدەن روو لە وەرزش بکەن و هیوادارام لە ئایندە ئاستی وەرزشی کچان لە کوردستان پێشبکەوێت.



*** تا چەند سوودتان لە ئەزموونی یاریزانە پیشەگەرەکان وەرگرت لە خولی عێراق؟**

- تا رادەیەکی زۆر سوودمان لە ئاستی یاریزانە پیشەگەرەکان وەرگرتووە، پەنا بەخوا لە ئایندە هەوڵ دەدەین ئاستمان زیاتر پێش بکەوێت بۆ ئەوەی پێویستمان بە یاریزانی پیشەگەر نەبێت.

# مۆندیالی یانەکان.. بەرشلۆنە بۆ جاری دووەم بووە پاڵەوان

لە یاریگای یۆکۆهاما نیسـان لە شاری تۆکیۆی پایتەختی وڵاتی ژاپۆن یارییەکانی مۆندیالی یانەکان لە یاری تۆپی پێ بۆ سـاڵی ٢٠١١ کۆتایـی هات و تیایدا یانەی بەرشـلۆنەی ئیسـپانی بۆ جـاری دووەم لە مێژوویدا نازناوەکەی بەدەسـت هێنا دوای ئەوەی لە یـاری کۆتایی دا بە ئەنجامی چوار گۆڵـی بێ بەرامبەر لە یانەی سانتۆسـی بردەوە، لە سەرەتای یارییەکەوە یاریزانانی یانەی بەرشـلۆنە کۆنترۆڵی یارییەکەیان کرد و توانیان چوار گۆڵ تۆمار بکەن لە ڕێگای یاریزانان (لیۆنیل میسـی) لە خولەکەکانی ١٨ و ٨٢ و (زاڤی هێرناندیز) لە خولەکی ٢٤ و (سیسـك فابریگاس) لە خولەکی ٤٥، ئەوە جاری دووەمە یانەی بەرشلۆنە مۆندیالی یانەکان بەدەسـت دەهێنێت لە دوای ساڵی ٢٠٠٩، لە لایەکی دیکەوە یانەی سـەدی قەتری پلەی سێیەمی بەدەسـت هێنا دوای ئەوەی توانی بە لێدانی یەکلاکەرەوە (٥ – ٣) گۆڵ لە یانەی کاشـیوا ریسۆلی ژاپۆنی بباتەوە دوای ئەوەی کاتی یاسـایی یارییەکە بە بێ گۆڵ کۆتایی هات.

لـەدوای تەواو بوونی یـاری کۆتایی و بـە ئامادەبوونی جۆزیف سیپ پلاتەر سەرۆکی فیفا و چەندین کەسایەتی وەرزشی جیهانی ڕێوڕەسـمی دابەشـکردنی خەڵاتەکان بەڕێوەچوو کە تیایدا یانەی بەرشلۆنە سـەرجەم خەڵاتەکانی وەرگرت، خەڵاتەکانیش بەم شێوەیە بوون:

* خەڵاتی یاری پاك .. یانەی بەرشلۆنە

* خەڵاتی باشـترین یاریزانی یاری کۆتایی. لیۆنیل میسـی لە یانەی بەرشلۆنە، خەڵاتەکەش بریتی بوو لە ئۆتۆمبێلێکی تۆیۆتای ٢٠١٢

* خەڵاتی باشترین یاریزانی مۆندیال:

تۆپی زێڕین . لیۆنیل میسی لە یانەی بەرشلۆنە

تۆپی زیوین . زاڤی هێرناندیز لە یانەی بەرشلۆنە

تۆپی برۆنز . نیمار دا سیلڤا لە یانەی سانتۆس

* گۆڵکـەری مۆندیـال . لیۆنیل میسـی و ئەدریانۆ لە یانەی بەرشلۆنە بە تۆمارکردنی دوو گۆڵ

فیفا وەك خەڵاتی دارایی بڕی ١٦,٥ ملیۆن دۆلاری دابەشـکرد بە سەر یانە بەشداربووەکان :

١- بەرشلۆنە ٥ ملیۆن دۆلار ٢- سـانتۆس ٤ ملیۆن دۆلار ٣- سـەدی قەتـەری ٢,٥ ملیۆن دۆلار ٤- کاشیوا ریسـۆلی ژاپۆنی ٢ ملیۆن دۆلار ٥- مۆنتێری مەکسـیکی ١,٥ ملیۆن دۆلار ٦- تەرەجی تونسـی ١ ملیۆن دۆلار ٧- ئۆکلاندی نیوزەلەندی ٥٠٠ هەزار دۆلار

یارییەکانی مۆندیالی یانەکان لە لایەن فیفاوە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ٢٠٠٠ ئەنجامدراو دواتر لە ساڵی ٢٠٠٥ وە ساڵانە لە کۆتایی ساڵ بە بەشـداری پاڵەوانی کیشوەرەکان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لیستی زێڕینی پاڵەوانانی مۆندیالی یانەکانە:

٢٠٠٠ . یانەی کۆرنشیانزی بەرازیل

٢٠٠٥ . یانەی ساوپاولۆی بەرازیل

٢٠٠٦ . یانەی ئینتەرناسیونالی بەرازیل

٢٠٠٧ . یانەی ئەی سی میلانی ئیتالیا


٢٠٠٨ . یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلتەرا

٢٠٠٩ . یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیا

٢٠١٠ . یانەی ئینتەرمیلانی ئیتالیا

٢٠١١ . یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیا







## نیمار بۆ گواردیۆلا.. لەگەڵ خۆت بمبە بۆ بەرشلۆنە

رۆژنامەی ئاسی ئیسپانیا لە ماڵپەڕی ئەلکترۆنی رایگەیاند یاریزانی لاوی یانەی سانتۆسی بەرازیلی نیمار دا سیلڤا داوای لە راخهێنەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی پیپ گواردیۆلا کردووە بۆندی لەگەڵ مۆر بکات بۆ ئەوەی لە ریزی یانەکەی هەرێمی کەتالۆنیا یاری بکات، رۆژنامەکە روونی کردەوە لەکاتی دابەشکردنی خەڵاتەکانی مۆندیالی یانەکان گواردیۆلا باوەشی لە نیمار گرتووە و نیمار پێی گووتوە: لەگەڵ خۆت بمبە بۆ بەرشلۆنە.

هەروەها رۆژنامەکە ئەوەشی راگەیاندووە کە ساندرۆ رۆسیلی سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە بەگەرمی سڵاوی لە نیمار کردووە، نیمار لە دوای تەواو بوونی یاری کۆتایی مۆندیالی یانەکان سەرسامی خۆی بە شێوازی یاریکردنی یانەی بەرشلۆنە دەربڕیوە و بە باشترین تیپی تۆپی پێی جیهانی وەسف کردووە.

لە لایەن خۆیەوە ساندرۆ رۆسیل سەرۆکی یانەی بەرشلۆنە لە دوای گەڕانەوەی بۆ شاری بەرشلۆنە بە رۆژنامەنووسانی راگەیاندووە بڕیاری هاتنی یاریزان نیمار بۆ یانەی بەرشلۆنە بۆ راهێنەری یانە گواردیۆلا دەگەڕێتەوە ئەگەر ئەو پێویستی بە توانکانی نیمار هەبێت ئەوە بۆندی لەگەڵ مۆر دەکەین.



## جۆکۆڤیج.. نهێنی خۆئامادەکردنی بۆ ساڵی تازە ئاشکرا دەکات



یاریزانی تێنسی سەر زەوی سڕبی نۆڤاك جۆکۆڤیج پۆلینکاری یەکەمی جیهان بە بەشداریکردنی لە پاڵەوانیەتی ئەبوزەبی نمایشگەری لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ وەرزی تازەی خۆی دەست پێ دەکات، جۆکۆڤیج لە لێدوانێکیدا دووپاتی کردەوە کە بڕوایەکی تەواوی بە خۆی هەیە دەسکەوتەکانی ساڵی ٢٠١١ لە ساڵی داهاتوو دووبارە بکاتەوە هەروەها نهێنییەکانی خۆئامادەکردنی بۆ وەرزی تازە ئاشکرا کرد، جۆکۆ ڤیج لە لێدوانەکەی گوتی: من دەتوانم دەسکەوتەکانی ساڵی ٢٠١١ دووبارە بکەمەوە چونکە لە یاری تێنسدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە، من دەزانم ئەگەر دەسکەوتەکان دووبارە ببنەوە کارێکی خەیاڵیە و زۆر زەحمەتە رووبدات بەڵام دەبێ چاوەڕێ بین بزانین چی روودەدات.

جۆکۆڤیج لە درێژەی لێدوانەکەی گووتی : نهێنییەکانی سەرکەتنم لە ساڵی ٢٠١١ هەمان نهێنییەکانی سەرکەوتنم دەبێت لە ساڵی تازەدا، من پابەندم بە سیستەمێکی تایبەتی خواردن و پێویستە لاینی دەروونیم جێگیر بێت، ئەم دوو خاڵە لە مەشقەکانم کارییان لەسەر دەکەم بۆ ئەوەی ئاستی هونەرییم بەرەو پێش بڕوات.



## راmۆس بۆ سێ هەفتە دوور دەکەوێتەوە

یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی لە بەیاننامەیەکی فەرمیدا رایگەیاند، یاریزانی هێلی بەرگری یانە سێرجیۆ رامۆس تووشی پێکان هاتووە و بۆ ماوەی سێ هەفتە لە یاریگاکان دوور دەکەوێتەوە، رامۆس لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی سیڤیلیا لە خولی ئیسپانیا کە تیایدا یانەی شاهانە بە ئەنجامی (٦-٢) گۆڵ سەرکەوتنی بەدەست هێنا تووشی پێکان هاتووە لە ماسولکەکانی و پێویستی بە پشوودان هەیە بۆ ماوەی سێ هەفتە تا ئەو کاتەی دەتوانێ جارێکی دیکە بەشداری لە یارییەکان بکاتەوە.

یانەی ریال مەدرید کۆتایی بە یارییەکانی خۆی هێناوە لە خولی ئیسپانیا لە ساڵی ٢٠١١ بۆیە دەرفەت لە بەردەم راموس هەیە بۆ ئەوەی چاك بێتەوە و بگەڕێتەوە بۆ ریزی یانەکەی بۆ بەشداریکردن لە دوای پشووی سەری ساڵ بەڵام بەشداریکردنی لە یاری یانەکەی بەرامبەر یانەی گەرناتە لە هەفتەی ١٨ی خولی ئیسپانیا جێگای گومانە.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال



# ڕکابەرییەکانی تۆپی پێی و گۆڕەپان و مەیدان-ی زانکۆکەکانی کوردستان لە سلێمانی کۆتایی هات

هەفتەی ڕابردوو لە شاری سلێمانی کۆتایی بە دوو پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی زانکۆکەکانی کوردستان هات، لە یاری تۆپی پێدا بە بەشداری ١١ زانکۆی کوردستان هەردوو زانکۆی سەلاحەدین و دهۆک گەیشتنە یاری کۆتایی، لەم یارییە زانکۆی دهۆک توانی بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ لە زانکۆی سەلاحەدینی بباتەوە ببێتە پاڵەوانی خولەکە، لە یارییەکی تردا زانکۆی سلێمانی پلەی سێیەمی بە دەستهێنا دوای ئەوەی بە ئەنجامی (١-٠) گۆڵ لە زانکۆی جیهان-ی بردەوە.

هەروەها لە شاری سلێمانی پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی کوڕان و کچان بەڕێوەچوو، کە تیاییدا لەم پاڵەوانێتییەدا چوار زانکۆ بەشداری کرد، ئەنجامی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە بەمشێوەیە بوو.

لەسەر ئاستی کوڕان

١- زانکۆی سلێمانی (٩٠) خاڵ، ٢- زانکۆی دهۆک (٨٩) خاڵ، ٣- کەرکوک ٧٦ خاڵ.

پاڵەوانی گۆڕەپان یاریزانی هەڵبژاردەی دهۆک سەلاح میرزا بوو بە کۆکردنەوەی ٢١ خاڵ.

لەسەر ئاستی کچان

١- زانکۆی دهۆک ٨٦ خاڵ، ٢- زانکۆی سلێمانی ٨٣ خاڵ، ٣- زانکۆی سۆران ٦٧ خاڵ.

پاڵەوانی گۆڕەپان یاریزانی هەڵبژاردەی زانکۆی سلێمانی نیان یاسین بە کۆکردنەوەی ٢١ خاڵ.

# سێ یانە لە شاری هەولێر سەرکەوتن بۆ قۆناغی کۆتایی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی باڵە

هەفتەی ڕابردوو لە هۆڵی داخراوی شەهید فرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێر یارییەکانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی باڵە کۆمەڵەی هەولێر بەڕێوەچوو، کە تیاییدا ١٠ یانە بەشدارییان لەم خولە کرد و سێ یانە بۆ قۆناغی کۆتایی خولی پلە یەکەکان سەرکەوتن بۆ دەستنیشانکردنی دوو یانە بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان، کە تیاییدا هەر سێ یانەی ڕواندوز و مەخمور و جیهان توانیان بلیتی سەرکەوتن بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن.

وا بڕیارە لە مانگی (٣)ی ٢٠١٢ یارییەکانی قۆناغی کۆتایی پاڵاوتی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ دەستنیشانکردنی دوو یانەی سەرکەوتووی خولی پلە نایابەکانی کوردستان لە وەرزی داهاتوو لە شاری هەولێر بەڕێوە دەچێت و ١٠ یانە نوێنەرایەتی هەر چوار پارێزگای هەولێر و دهۆک و سلێمانی و کەرکووک ئەویش بریتین لە یانەکانی ( ڕواندوز، مەخمور، جیهان، سۆلاڤی نوێ، دووزخورماتو، دوکان، حاجیاوا، دەربەندیخان، بەردەڕەش، شەنگال).

# پاڵەوانێتی شەترەنجی یاریزانانی کوردستان لە هەولێر تەواو بوو

هەفتەی ڕابردوو یەکێتی شەترەنجی کوردستان لە شاری هەولێر پاڵەوانێتی یاریزانانی کوردستان بۆ کوڕان و کچان ئەنجامدا بە بەشداریکردنی ٥٠ یاریزان، کە تیاییدا ٣٢ یاریزانی کوڕ و ١٨ یاریزانی کچ بەشداری کرد و یارییەکان لە هۆتێلی لۆمانا بەڕێوەچوو و ماوەی چوار ڕۆژی خایاند، ئەم پاڵەوانێتییە بە سیستەمی ٧ خول بۆ کوڕان و ٥ خول بۆ کچان بەڕێوەچوو، کە تیاییدا لەسەر ئاستی کوڕان، یاریزانانی شاری هەولێر کۆنترۆڵی پاڵەوانێتییەکانی کرد دوای ئەوەی توانیان پلەکانی پێشوو بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و لەسەر ئاستی کچان یاریزانانی شاری دهۆک توانیان پلەکانی پێشووە بە دەستبهێنن، ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە بەمشێوەیە بوو.

لەسەر ئاستی کوڕان

١- ئارپاك وریا قانع ٦ خاڵ، ٢- بەهزاد زینەدین ٥,٥ خاڵ، ٣- کاردۆ ئاکۆ ٥ خاڵ.

لەسەر ئاستی کچان

١- دلین کەمال ٥ خاڵ، ٢- ئالا جەعفەر ٤ خاڵ، ٣- ڤین کەمال ٤ خاڵ.



# لە ئاستی تازە پێگەیشتووان
# کچانی هەڵبژاردەی سلێمانی بوونە پاڵەوانی هەڵبژاردەکانی کوردستان



هەفتەی رابردوو لە بنکەی وەرزش و لاوانی هەولێر پاڵەوانێتی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی پارێزگاکانی کوردستان لەسەر ئاستی کچان بۆ تازەپێگەیشتووان بەڕێوەچوو، کە تیاییدا هەر چوار هەڵبژاردەی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و کەرکووك بەشدارییان تیاییدا کرد، لەم رکابەرییە هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی سلێمانی توانیان ببێتە پاڵەوان، ئەنجامی رکابەرییەکان بەمشێوەیە بوو.

ڕاکردنی ١٠٠م بەربەست: ١- زینەب حەسەن (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٢- لارا عەونی (هەڵبژاردەی هەولێر)، ٣- نادیە خەزیەر (هەڵبژاردەی دهۆك).

ڕاکردنی ٨٠٠م: ١- شێنی عەزیز (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٢- نەهلە ئیبراهیم (هەڵبژاردەی هەولێر)، ٣- نینە خەزیەر (هەڵبژاردەی دهۆك).

راکردنی ٤٠٠م: ١- ژیلە سەلاّح (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٢-رۆژین محەمەد (هەڵبژاردەی دهۆك)، ٣- تامارا شاکر (هەڵبژاردەی هەولێر).

راکردنی ١٠٠م: ١- چاوان بەهادین (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٢- ڕۆژین محەمەد (هەڵبژاردەی دهۆك)، ٣- شەیدا عەبدولمناف (هەڵبژاردەی هەولێر).

بازی بەرز: ١- زینەب حەسەن (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٢- ئاڤان جاسم (هەڵبژاردەی دهۆك)، ٣- لارا عەونی (هەڵبژاردەی هەولێر).

یەك باز: ١-چاوان بەهادین (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٢- شەیدا عەبدولمناف (هەڵبژاردەی هەولێر)، ٣- پەروین رەمەزان (هەڵبژاردەی دهۆك).

راکردنی ٢٠٠م: ١- چاوان بەهادین (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٢- تەمارا شاکر (هەڵبژاردەی هەولێر)، ٣- رۆژین محەمەد (هەڵبژاردەی دهۆك).

هاویشتنی دیسك: ١- جوان ئیدریس (هەڵبژاردەی دهۆك)، ٢- ئاڤان عەبدوڵلا (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٣- دیانا عەدنان (هەڵبژاردەی هەولێر).

سێ باز: ١- زینەب حەسەن (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٢- ئیسرا عومەر (هەڵبژاردەی هەولێر)، ٣- بێخال خزر (هەڵبژاردەی دهۆك).

هاویشتنی قورس: ١- جوان ئیدریس (هەڵبژاردەی دهۆك)، ٢- سالی محەمەد (هەڵبژاردەی هەولێر)، ٣- بنین خەزیەر (هەڵبژاردەی کەرکووك).

هاویشتنی رم: ١- فاتیمە جەمال (هەڵبژاردەی هەولێر)، ٢- نور حوسێن (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٣- جوان ئیدریس (هەڵبژاردەی دهۆك).

راکردنی ٤٠٠م بەربەست: ١- ژیلە سەلاّح (هەڵبژاردەی سلێمانی)، ٢- لارا عەونی (هەڵبژاردەی هەولێر)، ٣- بێهجان خزر (هەڵبژاردەی دهۆك).

راکردنی (٤*١٠٠)م پۆستە: ١- هەڵبژاردەی سلێمانی، ٢- هەڵبژاردەی هەولێر، ٣- هەڵبژاردەی دهۆك.

ریزبەندی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتیە بەمشێوەیە.

١- هەڵبژاردەی سلێمانی ٩١خاڵ، ٢- هەڵبژاردەی هەولێر ٦٨ خاڵ، ٣- هەڵبژاردەی دهۆك ٥٩ خاڵ، ٤- هەڵبژاردەی کەرکووك.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتییە بەسەرپەرشتی نووسینگەی ئافرەتانی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بەهاوکاری یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی کوردستان و یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی لقی هەولێر.

## لە تۆپی باسکە کچانی سەنحاریب بوونە پاڵەوانی کوردستان



لە چوارچێوەی یارییەکانی هەفتەی کۆتایی خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی باسکەی کچان، رۆژی هەینی لە هۆڵی داخراوی ئەکاد هەردوو یانەی ئەکاد و سەنحاریب رووبەڕووی یەکتر بوونەوە، لەم یارییە کچانی سەنحاریب توانیان سەرکەوتن بە دەستبهێنێت بە ئەنجامی (٦٦-٥٠) خاڵ بەم ئەنجامە کچانی سەنحاریب بوونە پاڵەوانی خولی پلە نایابەکانی کوردستان بە کۆکردنەوەی ١٦ خاڵ، دوای تەواوبوونی یارییەکە خەلاّت بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان لە لایەن ئامادەبووانەوە دابەش کرا، کە تیاییدا یانەی گارە وەکو یانەی نمونەیی لەم خولە دەستنیشان کرا و کچە یاریزانی یانەی سەنحاریب ئەتا داوود بە باشترین یاریزانی خولەکە دەستنیشان کرا،ریزبەندی کۆتایی خولەکە بەمشێوەیە بوو.

١- سەنحاریب ١٦ خاڵ، ٢- ئەکاد ١٤ خاڵ، ٣- سیروانی نوێ ١٢ خاڵ.

جێگەی باسە یارییەکانی خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی باسکەی کچان پێنج یانە بەشداری کرد ئەویش هەریەکە لە یانەکانی سەنحاریب و ئەکاد و گارە و سیروانی نوێ و سلێمانی بوون.